# بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێریی و گەشە پێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگای سلێمانی

**کۆنووسی کۆبوونەوەی تایبەت بە (دایەنگە ئەهلییەکان) لە (30، 31ی 10ی 2016)**

**بە سەرپەرشتی بەڕێز م.عومەر عەبدوڵڵا گوڵپی، بەڕێوەبەری گشتی چاودێریی و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگای سلێمانی و ئامادەبوونی یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی بۆ کاروباری هونەری و بەشە پەیوەندیدارەکانی دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی و ئەو دایەنگانەی لە خوارەوە واژۆیان کردووە، لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کۆبوونەوەیەکی تایبەت لە هەر دوو ڕۆژی (30ی 10 - 31ی 10ی 2016) بەڕێوەچوو، پاش گفتوگۆ، لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و فەراهەمکردنی دۆخێکی باشتری پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و دەروونی بۆ منداڵان، کۆبوونەوەکە گەیشتە ئەم بڕیارانەی خوارەوە:**

1- پێویستە سەرجەم دایەنگە تایبەتەکان پابەندبن بە دەقی وەرگیراو لە ڕێنمایی تایبەت بە دایەنگەکان، ژمارە (1)ی ساڵی 2015ی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، کەبەزمانی کوردی دەدرێت بە هەر دایەنگەیەک، هەر دایەنگەیەک هەتا ئێستا نەیتوانیوە تەواوی ڕێنماییەکە جێبەجێبکات، ئەوە پێویستە لە ماوەی دوو مانگی داهاتوودا، واتە تا ڕۆژی 1ی 1ی 2017، خۆی لەگەڵ ناوەڕۆکی ڕێنماییەکە بگونجێنێت، بەپێچەوانەوە ڕووبەڕووی لێپرسینەوە دەبێتەوە، چونکە لیژنەکانی سەرپەرشتی و بە دواداچوون لە بەشی دایەنگەکان لەسەر بنەمای ئەو ڕێنماییە بە دواداچوون دەکەن.

2ـ دەوامی دایەنگەکان، بریتییە لە: هەفتەی (6) ڕۆژ ، لە شەممە بۆ پێنج شەممە، ڕۆژانە لە سەعات (7) ی بەیانییەوە دەستپێدەکات بۆ سەعات (2)ی پاشنیوەڕۆ.

3- هەر سەعاتێکی زیادە بۆ ئەو دایك و باوکانەی پێویستیانە بۆ منداڵەکانیان، لە سەعات (2)ی پاشنیوەڕۆوە دەست پێدەکات و دەکرێت تا (7)ی ئێوارە درێژ بکرێتەوە، بەمەرجی ئاگادارکردنەوەی بەشی دایەنگەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە سەعاتە زیادەکانی دەوام.

4- سەرجەم دایەنگەکان پابەند دەبن بە هەڵواسینی نرخ لە شوێنێك بەئاسانی ڕۆژانە لەلایەن باوکان و دایکانەوە ببینرێت، هەروەها هیچ دایەنگەیەك بۆی نییە لە سەرو (80,000) هەشتا هەزار دینارەوە پارە وەربگرێت، لەکاتی پابەند نەبوونیشدا دایەنگە ڕووبەڕووی لێپێچینەوە دەبێتەوە، هەر دایەنگەیەکیش سەرپشکە لەوەی داوا بکات لە بەشی دایەنگەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی نرخی بۆ بەرزبکرێتەوە لە ڕوانگەی بەرزی ئاستی خزمەتگوزارییەکانیەوە، بەڕێوەبەرایەتی گشتیش بە ڕەچاوکردنی دۆخی ژیانی هاووڵاتیان بڕیاری پێویست دەدات.

5- نرخی سەعاتی زیادەی دەوام بۆ هەر منداڵێك بریتییە لە (1000) دینار بۆ هەر سەعاتێك، ئەو سەعاتە زیادانەش پاش ئەو ماوەیە دەست پێدەکەن کە منداڵەکە سودی لە دەوامی ئاسایی دایەنگە وەرگرتووە، پێویستە بەشی دایەنگەکان ئاگاداربکرێتەوە

بۆ وەرگرتنی هەر بڕە پارەیەك لە منداڵ بۆ سەعاتی زیادەی دەوامو لە پسوڵەی وەرگرتنی پارەش ئاماژەی سەرجەم پارە وەرگیراوەكانی تێدابێت.

6ـ پێویستە دایەنگەكان پابەندبن بە وەرگرتنی ئەو نرخەی بۆیان دیاریكراوە ( هەروەها ئەو دایەنگانەی ڕەزامەندی وەرگرتنی نرخی زیاتریان هەیە بەپێی ڕێنماییەكانو بە فەرمانی ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی گشتی)، هەروەها نابێت هیچ بڕە پارەیەك بەهیچ ناوێكی ترەوە لە دایكو باوكی منداڵ وەربگیرێت.

7ـ پێویستە دایەنگەكان پابەندبن بە ناردنی ڕاپۆرتی وەرزی خۆیانەوە بۆ بەشی دایەنگەكان، بەمجۆرە: (1ی 9، 1ی 12، 1ی 3، 1ی 6 )ی هەموو ساڵێك، پێویستە ڕاپۆرتەكەش تەواوی زانیارییەكانی لەبارەی (داتاكانی پەیوەست بە منداڵ، لیستی ئامادەبوونو ئامادە نەبوونیان، چالاكییە پەروەردەییو كۆمەڵایەتیو هونەریو تەرفیهییەكان، گرفتەكانی منداڵانو ئاستەكانی گەشەیان، لایەنەكانی تەندروستی منداڵان، گرفتو كێشەی دایەنگە، ...، هەر زانیارییەكی تری هاوشێوە).

8ـ بەشی دایەنگەكان هەڵدەستێت بە پۆلێنكردنی دایەنگەكان لەسەر بنەمای ڕاپۆرتی لیژنەی سەرپەرشتیو ئاستی ڕەزامەندی دایكانو باوكانی منداڵەكان لە خزمەتگوزارییەكانو پێشینەی كاری ئەو دایەنگەیە، ئەم پۆلێنكردنەش لەلایەن لیژنەیەكی پسپۆڕەوە سەرپەرشتیدەكرێت بە فەرمانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

9ـ پێویستە دایەنگەكان، لە تابلۆكانیاندا ئاماژە هەبێت بۆ (حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێرییو گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی لە پارێزگای سلێمانی، بەشی دایەنگەكان) .

10ـ بەشی دایەنگەكان هەڵدەستێت بە دروستكردنی بڕوانامەی دیواری بۆ مۆڵەتی هەر دایەنگەیەك لەسەر داوای دایەنگە خۆی.

11ـ بۆ پەیوەندیكردن بە بەشی دایەنگەكان یان بەڕێوەبەرایەتی گشتییەوە لەبارەی هەر گرفتێك، گەیاندنی داواكاری، گەیاندنی ڕاپۆرتی وەرزی، دایەنگەكان دەتوانن ڕاستەوخۆ سود لە ژمارە تەلەفوونی بەشی دایەنگەكان (0533232390) وەرگرن، هەروەها سایتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی (www.socialsuli.com)و پەیجی بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە تۆڕی كۆمەڵایەتی فەیس بووك (@socialsuli) یاخود ئیمەیلەكانی بەشە پەیوەندیدارەكانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی كە لە سایتی بەڕێوەبەرایەتی گشتیدا بەردەستن.

ـ كۆتایی ـ